کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-6-2007 19:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەو مەلایانەی (ئاریا) یان ئەتک کرد: خۆیان بەناخدا دەچن و بەر بەفڕینی ئێمە دەگرن! ... بەهێز حوسێن

Bahez2006@hotmail. com
Bahez2005@yahoo. co. in



من چەند مانگێك بەر لە ئێستا لە گەرمەی دەنگۆی بە عەلمانی بوونی دەستووردا وتارێکم نووسی بەناوی (شەڕی ئێمە و مەلاکان دەستیپێکرد) ، ئەوکات و لەو وتارەدا مەترسی مەلاکان و ڕەوتە ئیسلامییەکانی کوردستانم ئاماژە پێدابوو، کە ئەمانە بۆ داهاتووی ئەم کوردستانە و خۆشی گەلی کوردستان و بیری ئازاد و داهێنان و یەکسانی ژن و پیاو و پێشکەوتنەکان و بەرقەراربوونی یاسا و ڕۆڵی دادگاکان چەند مەترسیدارن، بەڵی ئەوەتا وێڕای شەرعییەتدان بە خەتەنەی کچان و بە شەیتانکردنی زەکەریا و بە قەحبەزانینی ئەو کچانەی مۆبایلیان هەیە و گەورەبەبچوککردن و.. هتد، مەلاکان کە جگەلە (عەسکەری بۆ قادسیەی سەدام، فیشەکێکیان بۆ کورد نەتەقاندووە) لەسایەی ئازادی ئەمڕۆی کوردستاندا زنجیر درامای کوردیشیان حەرامکرد، مەخاشبن کوردسات ئەو کەناڵەی زۆرێکمان وەك زمانحاڵی لایەنێکی سۆسیال دیموکراتی عەلمانی دەماننناسی و بە سەنگەرێکی بەرەو کرانەوەمان دەزانی، ملی بۆ داوای پاشکەوتەکانی کۆمەڵگە دا و هەناسەیەکی تری ڕەخنەگرانە و دیدێکی تری ڕەخنەگرانەی قەدەغەکرد کە ئەویش زنجیرە درامای (ئاریا) یە.

ئاساییە کەناڵێك لە هەر لەحزەیەکدا درامایەك یان بەرنامەیەك یا فیلمێك ڕابگرێت، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ئەوەیە کە پاش فشاری مزگەوت و مەلا و فەقی پاساوی ئەوە بهێنێتەوە کە زنجیرەیەك کە (نۆ مانگە لای خۆیانە) ڕابگرێت و بڵێت لەگەڵ ستراتیژ و سیاسەتی کەناڵەکەماندا ناگونجێت!.

پاش پیشاندانی (6) زنجیرە لەو درامایە و ڕاگرتنی، جگە لەوەی گاڵتەکردنە بە بینەر و هەموو ئەوانەی بەو بەرهەمەوە ماندووبوون، سەرلێشێواوی مەبدەئییانەی کەناڵەکەش دەدەخات کە بەپێی ئەو بایانەی لێرە و لەوێوە هەڵدەکەن شەنی بابەت و بەرهەمەکانی بکات.

دەگەڕێمەوە سەر ئەسڵی بابەتەکە و دەڵێم، ئیسلامییەکانی کوردستان بەردەوامن لە ئیرهابکردنی فیکر و هونەر و ڕای ئازاد و سەما و فڕین و پێکەنین و هەموو ئەو خەسڵەتە جوان و ژیان بەخشانەی مرۆڤایەتی پێ دەناسرێتەوە و شادومانی و پێشکەوتن بۆ ژیان دێنێت، ئەوان لە بێئاگایی بەناو (دەسەڵاتی دیموکراتی عەلمانی کوردستاندا) سیاسەت و نەهجیان گۆڕیوە و لە ڕێگەی کەناڵە جیاکانیانەوە (مزگەوت و حوجرە و هۆکانی ڕاگەیاندن) فشارەکانیان برەو پێدەدەن و ڕێگر و گرفتی گەورەن لەبەردەم داهێنان و ئەفراندن و هەناسەی ئازادانەی مرۆڤەکانی کوردستاندا.

ئەو مەلایانەی لە (25) مزگەوتەوە (لەیەککات و بەیەك نەفەسەوە) کەوتنە هێرش بۆسەر دراماکە و کادیرە هونەرییەکانی، لە کاتی بەشداری یەکگرتووی ئیسلامی لە کۆبوونەوە پڕ گومانیاوییەکانی قاهیرە نقەیان لێوە نەهات، بەرامبەر بە تەقینەوەکانی هەولێر تەکبیر (الله اکبر) ێکیان نەکرد، لە هەموو بۆنە و نابۆنەیەکیشدا وەك ئەوەی لە سەردەمی فەقێیەتییانەوە کرابێتە دەمیانەوە سوکایەتی بە مارکسییەت و ناسیۆنالیستی و لیبرالی و دیموکراتی و یەکسانی دەکەن و دەسەڵاتیش بە موجامەلەی ئەوەی ئەمانە پیاوی خوان بەردەوام موچەیان ئەداتی و ناتوانێت دەمکوتیان بکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەبی دەسەڵات باش ئەوە بزانێت کە هێرشی 25 مزگەوت لە یەککاتدا و هێرشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سایتە ئیسلامییەکان لەهەمانکاتدا، جگە لەوەی ئامازەیەکە بۆ ئەوەی ئەو هەڵمەتە خۆڕسکانە نەبووە، بەڵکو بە بەرنامەبووە و لایەنە ئیسلامییەکان سەرپەشرتی دەکەن شتێکی تر نییە.

ئێمەی ئازادیخواز و ئەوانەی کە باوەڕیان بە بینینی جیاواز و فڕینە شاقوڵی و ئاسۆییەکان هەیە پێویستە یەککەوین و بە هێزتر لە هەڵمەتەکانی مەلا و مزگەوت هەڵمەتی خۆمان بکەین و حکومەت بەرپرسیار بکەین لە پاراستنی ئازادییەکانی کوردستان و پاراستنی گیانی نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی درامای (ئاریا) و ڕێگەش نەدەین هادی مەهدی بە دەردی عەبدولخالیق مەعروف و فەرهاد فەرەج بەرن و هەڕەشەکانیشیان لەنموونەی ئەوەی شێرکۆبێکەس و مەریوان هەڵەبجەیی بچێتە سەر، پێویستە حکومەت ڕێگەنەدات هەرکەس هەستێت و ژەهری ڕەشی ئیرهاب و قەدەغەکردن و مەرگدۆستانەی خۆی ببارێنێت بەسەر کۆمەڵگە و داهێنەرەکانیدا، ڕێگە نەدات لەم وڵاتەی خۆماندا کە بەناوی ئیسلامەوە ئەنفال و کیمیاباران کراین و (موجاهیدەکانی خوا) ئەفغانی و حەبەشی و سورییان بۆ دەهێنایین، ئێستاش هەر بەناوی خواوە ئازادییەکانی مرۆڤ قەدەغەبکەن ئەوان ئازادی و خوێنی شەهیدانی ئێمە بقۆزنەوە و لەسایەی ئازادی ئەمرۆماندا کە بەرهەمی خوێن و خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتی و کۆمونیستەکانی ئەم گەلەن تەشەنە بکەن و بەر بەئازادی ئێمەبگرن.

ئەمە شەڕێکە و دەبی لەگەڵ ئەو جۆرە مەلا و مزگەوتانەدا بکرێت (ئەگەر دەست بەسەر عەمامەکانیانەوە نەگرن و دەم لە هەموو کاسەیەك وەربدەن) ، شەڕێکە لەسەرتادایە و پێویستی بەیەکگرتووی و بوێری زیاتر هەیە، لە هادی مەهدی و ئەحمەد ڕەزا و حیکەت هیندی و هاوڕێکانیشیان دەخوازم کە زۆر لەوە گەورەترن بەو جۆرە هەڕەشە و گوڕەشانە بترسێن، سارد نەبنەوە و داهێنانی زیاتر بکەن، ئێمە لە پشتانین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.